

## کۆڕی بەڕێز : پرۆفیسۆر د. ئازاد نەقشبەندی
## پرسی کوردو ململانێی لەسەر نەوت و ئاوی کوردستان

بەروار : 2002/9/24

کوردو کوردستان گەورەترین نەتەوەو نیشتمانی سەر ڕووی ئەم زەمینەن کەتا ڕۆژی ئەمڕۆ بێ قەوارەیەو دەوڵەتی نەتوەیی لەسەر دروست نەکراوە . بەواتایەکی دیکە پرسی کورد پرسی نەتەوەیەکە کەبەدوای مافە ڕەواکانی خۆی دەگەڕێت بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆی . بێگومان بەهۆی بەدەست نەهاتنی ئەو هیواو ئامانجانەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە . یەك لەوانە هەردوو سامانی نەوت و ئاوەکە لەململانێیەکەدا پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە و بوونەتە مایەی ئەو نەهامەتیانەی کەبەسەر میللەتەکەمان هاتوو نەو بەپێی پرس و ئاگاداری خۆمان چەندین جار بەم دووسامانەی خۆمان کڕین و فرۆشتنیان لەسەر ئەنجام داوین .

<u>ململانێیەکان</u>

سەبارەت بەململانێ و ڕکابەرییەکان چ لەناو دەوڵەتە گەورەکانی جیهان بووبێت یالەناو دەوڵەتە هەرێمیەکان دا. ئەویش بۆ سامانی نەوت و ئاو دەگەڕێتەوە . ئەم دوو سامانەشم بۆیە هەڵبژاردووە : یەکەم – لەبەر ئەوەی کوردستان دەوڵەمەندە بەم دوو سامانە . دووەمیشیان – لەبەر ئەوەی کەئەم دووسامانە لەململانێیەکەدا پەیوەندییان بە یەکتر هەبووە و پێکەوە گرێدراون و ململانێ لەسەر نەوت و ململانێ لەسەر ئاوی دروستکردووە

<u>پێناسەو بایەخی سامانەکان</u>

نەوت ئەمڕۆ سەرچاوەیەکی سەرەکی جیهانە کەلە40٪ی دەگرێتەوە . جگە لەوەش نەوت کەرەستەی خاوی نزیکەی هەزار بەرهەمی پیشەسازییە . ئاویش : جگە لەوەی سەرچاوەیەکی وزەی بێ گەردوپاکە کەبەبەراورد لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکەی وەك نەوت

و خەڵووزو گازی سروشتی بێت یان شتی دیکە . جگە لەوەش ئاو بۆ ژیان زۆر زۆر پێویستە .. ئەو ئامارانەی کەهەمانە دەڵێن : هەموو ملیۆن کەسێك ملیارێك مەتر سێ جا ئاوی پێویستە و ئەگەر تەماشای وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بکەین , کەچاوەڕوان دەکرێت لە20-25 ساڵی ئاییندە دانیشتوانەکەی دووهەندەی ئێستا بێت , کەوابوو پێداویستیەکەیان بەدووهەندە جار دەبێت . ئەگەر لایەنە کشتوکاڵیەکە سەیر بکەین لەخەمان ناوچە بۆ هەر 260 هەزار دۆنم یەك ملیار مەتر سێ جا ئاو پێویستە . ئینجا ئەگەر یەك ملیار مەتر ئاو کەمبکەینەوە لەهەر وڵاتێك لەهەرنەتەوەیەك چارەکە ملیۆن دۆنم زەوییەك بێ ئاو دەبێت .

<u>ڕۆڵی نەوت و ئاو لەژیانی نەتەوەیی کورد</u>

ئەگەر بەراوردێك لەسەر هەردووکیان بکەین ململانێیەکە لەسەر نەوت پێشترە لەململانێیەکە لەسەر ئاو . دەتوانین بڵێین هی یەکەم بۆدوا چارەگی دوایی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە . (لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ململانێیەکە بەهێزتربوو ) بەڵام ململانێ لەسەر ئاو لەم چارەگە سەدەی دوایی سەدەی بیستەمدا دەستی پێکردو جیاوازی ململانێیەکە بەسەدەیك مەزندە دەکرێت لەنێوانیاندا . ئەمەیان لەلایەك . لەلایەکی دیکە ململانێیەکە جیاوازە بەپێی قۆناغەکان . لەپێشوودا ململانێیەکەی لەسەر نەوتی کوردستان لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهاندا بووە . پاشتر کەگرنگی نەوت زیاتر دەرکوت بۆ دەوڵەتانی ناوبراو ململانێیەك بەهێزتر و توندتربوو . ئینگلیزەکان , ئەمریکیەکان , هاتنە ناو ململانێیەکەوە جگە لە دەوڵەتی عوسمانی کەئەوکاتە بەشێکی زۆری کوردستانی داگیر کردبوو . لەکاتی دەوڵەتی عوسمانی ململامنێیەکە پتەوتربوو . بەپلەی یەکەم لەنێوان ئەڵمان و ئینگلیزدا . لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیەکان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا هەبوو . ئینگلیزەکان لەسەر ئەمە ڕانەوەستان لەبەر ئەوەی ئەوانیش هاتن بانکێکیان دروست کرد ولەم ڕێگەوە هاتنە ناو ململانێی نەوتی کوردستان و دەیانزانی کوردستان لەسەر دەریاییەکی نەوتییەو ئەوانیش بەشێکیان دەست کەوت . لەکاتێکدا ئەم دوو دەوڵەتە ئەڵمانیا و بەریتانیا گەیشتنە ئامانجێك کە ناتوانن هەریەکەیان بەشێك لەدەوڵەتانی عوسمانی وەربگرێت بۆیە توانای هەردوولایان یەکخست و بەهەردووکیان کۆمپانیایەکی هاوبەشیان دروست کرد و ناویان نا کۆمپانیای نەوتی تورکی و لەم ڕێگایەوە فشاریان خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی , کەئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی کوردستان بەو کۆمپانیایە بدەن . لەیەك ڕۆژدا بەهەمان شێوە هەردوو باڵێۆزی بەریتانی و ئەڵمانی چوونە لای سوڵتانی عوسمانی و داوایان لێکرد ئیمتیازی نەوت بدا

بەوكۆمپانیایە. سولْتان تەنیا بەلْێنێکی دا کەئیمتیازی دەرهێنانی نەوت لە ولایەتی موسلْدا بەکۆمپانیای نەوتی تورکی بدات . بەلاْم ئەم بەلْێنەی جێبەجێ نەکراو جەنگی یەکەمی جیهانی روویداو لەئەنجامیشدا دەولْەتی عوسمانی کەیاوەری ئەلْمانیا بوو , جەنگی دۆڕاندو پاشماوەکانی دابەشکرا . بەلاْم ئەو ڕۆژەی کەجەنگ ڕاگیرا سوپای بەریتانیا دووربوو لەویلاتی موسلْ و کوردستانی عێراق . بەلاْم لەبەر ئەوەی دەیانزانی کوردستان دەولْەمەندە بەنەوت . پابەند نەبوو بەئاگر بەستەکەو بەردەوام بوو لە شەڕ کردن تاموسلْ و کوردستانیشیان نەگرت ڕانەوەستان . بەم شێوەیە بارودۆخێکی نوێ هاتە کایەوە لەئەنجامی کۆتایی هێنانی جەنگی یەکەمی جیهاندا و لەئاکامی ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ ناوەڕاست و باشووری عێراقی ئێستا لەگەلْ ئوردن و فەلەستین بۆ ئینگلیزەکان داندرابوو وە هەندێك لەتورکیا لەگەلْ سوریا و لوبنان بۆ فەرەنسیەکان داندرابوو . سەرووتری کوردستانی تورکیا بۆ ڕوسەکان داندرابوو . ناوچەیەکیش هەبوو ناوچەی نێوان دەسەلاْتی ئینگلیزەکان و فەرەنسیەکان بوو ئەوە دابەشکرابوو لەنێوان هەردوو دەسەلاْتی ناوبراودا بەپێی ئەو دابەشکردنە ویلایەتی موسلْ بەبەر دەسەلاْتی فەرەنسیەکان دەکەوت بەلاْم ئینگلیزەکان لەو ڕێککەوتن و پەیمانیش پەشیمان بوونەوە کەبە فەرەنسیەکانیان دابوو کەئەوان خاوەن دەسەلاْت بن لەبەشێك لەویلایەتی موسلْدا. (کەئەوان وای بۆ دەچوون و واش بوو کەوا دەولْەمەندە بەنەوت) لەماوەیەدا ئەمەریکیەکانیش هاتن و بەدوای نەوتی ناوچەکەدا دەگەڕان و ئەوانیش داوای نەوتی کوردستانیان دەکرد . بۆ ئەم مەبەستەش هەریەکە بیانویەکیان هەبوو داوایان دەکرد .

کەواتە هەرهەموویان بەنەوتی کوردستان ڕازی کردن بەشێوەیەك :

- لە23ر75٪ی درا بەکۆمپانیای نەوتی فەرەنسی .
- 23ر75٪ درا بەدوو کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکی .
- 23ر75٪ی درا بەکۆمپانیای نەوتی بەریتانی .
- 23ر75٪ی درا بەکۆمپانیایەکی هاوبەشی هۆلْەندی و بەریتانی .
- 5٪ی درا بە ( ئارنست کۆبنکیان ) کە کابرایەکی ئەرمەنیەو ڕاوێژکاری سولْتان عەبدولحەمید بوو .

نێردراوی کۆمەلْەی گەلان بەڕاشکاوانە دەلْێت :

ئەگەر ڕەچاوی فاکتەرو هۆکاری نەتوەیی و ڕەگەزی بکرێت ویلایەتی موسلْ نەهی تورکە نە هی عەرەبە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردەکە پێویستە دەولْەتێکی کوردی تێدا دروست بکرێت .

ئەو کاتەش عێراق ئیمتیازی نەوتی دابە کۆمپانیای نەوتی تورکیو بەریتانیا هەموو توانای خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی دروست نەبێت و لەجیاتیدا ویلایەتی موسڵ بلکێندرێت بەدەوڵەتی عێراق . دوای ئەوەش بەدرێژایی ماوەی هەموو کاتێك بەریتانیا و دەوڵەتەکانی دیکەش پشتگیری حکومەتی ناوەندی بەغدایان دەکرد . دژی هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاری خوازی نەتەوەیی کورد و بۆ ئەم مەبەستەش خۆیان دان بەوە دادەنێن کە ئەوان هەموو کاتێك هەوڵی ئەوەیان داوە کەوا پشتی حکومەتی ناوەندی بگرن دژی بزاڤی رزگاری خوازی کوردی .

**<u>رێژەی نەوتی کوردستان</u>**

لە دوای پەنجاو هەردەم داهاتی نەوتی کوردی رێژەیەکی بەرزی لە داهاتی عێراق دابین کردووە . ئەو رێژانە لە وانەیە بەوردی نەبن . بەڵام ئەگەر رێژەکە بەتەواوەتی کۆ بکەینەوە لە 31 – ە وە تا 90 لە 64 ٪ ی داهاتی نەوتی عێراقی لە کوردستان بووە . ئەگەر ئامارەکانی 97 تەماشا بکەین دەبینین نەوتی کوردستان 68 ٪ ە داهاتی عێراق پێك دێنێت ، تاکو ئێستا . کەوابوو ئەوەی عێراق کردوویەتی بەکورد بەداهاتی نەوتی کوردی کردووە و بە هۆی نەوتی کوردیەوە هەموو ناوچە نەوتیەکانی کوردستان تەعریب کراوەن و کوردەکانی لێ راگوێزراوە . کۆمپانیای نەوتی تورکی و دوایی نەوتی عێراقی خراپترین رۆڵیان دیوە بۆ ئەوەی خەڵکی غەیرە کورد بێنن بۆ ناوچەی کەرکوك و بەهەمان شێوە کۆمپانیای نەوتی موسڵ و کۆمپانیای نەوتی خانەقینیش هەمان رۆڵیان گێرشاوەو ئەمرۆ لە ریچگەی نەوتی کوردستانەوە جارێکی دیکە بەشێك لە پارەی کورد لە چوار چێوەی بڕیاری 986 دا بۆ دژایەتیکردن و پرۆسەی تەعریب بەکار دێت .

**<u>نەوتی کوردستانی سوریا</u>**

ئەو نەوتەی لە کوردستانی سوریا هەیە لە هیچ شوێنێکی دیکە نییە لە سوریا و ئەوەی کە لە قامیشلییەوە تێپەردەکات بەرەو حەلەب دەرشوات بەچاوی خۆی دواکەوتنی ئەو ناوچەیە دەبینێت و دوای ئەوە ناوچەکانی دیکە دەبینێ کە چەند پێشکەوتنێکی بەرچاویان بە خۆوە بینیوە و جگە لەوەی کەناوچە کوردیەکە دوا کەوتووە ئینجا کۆمەڵێك پرۆسەی بەعارەبکردنی ناوچەکە هەر لە کۆمەڵەی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبییەوە کە درێژییەکەی 250 – 350 کیلۆمەترە بەپانتایی 20 – 25 کیلۆمەتری ناوچەکە هەمووی تەعریب کراوە . بەم جۆرە کورد لە هەموو شوێنێك هەموو شتێکەو لە هیچ شوێنێك کورد نییە . لوراستیشدا ئەوەی لە کوردستانی عێراق کراوە دیسان لە کوردستانی سوریاش کراوە ؛ کوردستانی تورکیاو ئێران ئەوانیش

ڕێژەی نەوتیان تیایە بەڵام هەمویش ئەو ڕێژەی نەوتەی کە لەوێ هەیە بۆ بەرژەوەندی خەڵکە کەنییە و بەڵکو زیاتر بۆ بەرژەوەندی ئەو دەسەڵاتدارانە بووە کە کوردیان چەوساندۆتەوە .

**ململانێی سەر ئاو**

ئەگەر نەوتی کوردستان نەبووایە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕشاست بەم شێوەیە دانە دەڕێژرا ، ئەو ململانێیەی کە ئێستا لە سەر ئاو هەیە بەم شێوەیە نەدەبوو و؛ بەشێوەیەکی دیکە دەبوو ، ئەگەر دەوڵەتی کوردی هەبووایە نەخشەکی بەم شێوەیە دانە دەڕێژراو ئەوەی کە داڕێژرا نەوتەکە دایڕشتووە . بەڵام ئەمڕۆ ململانێی دیکە دروست بووە لە ئەنجامی ئەم داڕشتنە ، کە ململانێی ئاوە ئێمە دەتوانین بەراشکاوانە بڵێین لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە 95 ٪ ی ئەو ئاوەی کە هەیە ئاوی دیجلە و فوراتە ؛ لە 100 ٪ ی ئاوی عێراق ئاوی ناوبراوە . ئاوی فورات زیاتر لە 80 ٪ ی هەموو ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی سوریا پێك دێنێت ، ئاوی دیجلە و فورات 28 ٪ ی ئاوی تورکیا پێك دێنێت ، ئەم نەیارانە چۆن ئێستا ململانێ لەسەر ئاوەکە دەکەن . ئەوەی کەوا کارتی سەرەکی بەدەستەوەیە لە ململانیچیەکە تورکیایە چونکە سەرچاوەکانی ئاوی دیجلەو فورات لەلای ئەوەو بۆیە ئەو زیاد لە هەمووان دەتوانی سوود لەو ئاوە وەربگرێت و وەکو چەکیچکی سیاسی بەکاری دێنێت بەرامبەربە بەدەوڵەتەکانی خوارووی یان ناوەڕاستی حەوزی ڕووبارەکە .

ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین لەو کاتەی دەوڵەتی تورکیا دروست بووە هەتا ئەمڕۆ ئەوە دەزانین ئامانجەکانی تورکیا چییە کە بەکاری دێنێت ئامانجی ، پێش هەموو شتێکی دژایەتی کردنی بزاڤی کوردیە و دەبینین چۆن ئەم کارتەی چەند جارێك بەکارهێناوە . باشترین نموونە بەکار هێنانی ئەو کارتە لەگەڵ سوریەکاندا کە تورکیا ڕازی نەبوو هیچ ڕێککەویت نامەیەك ، پرۆتۆلێك لەگەڵ سوریا مۆر بکا لە دانی 500 ملیارمەتر سێ جا ئاو بدا بە سوریا بەرامبەر بەوەی سوریا هاریکاری بکات لە کێشەی ئارامی ناوچەکە و ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە مەبەستی یارمەتی نەدانی کوردەکانی تورکیایە لە لایەن تورکیاوە ، دەستی لێ هەڵبگرێت . بێگومان دەستی لێهەڵگرت

**ئامانجەکانی پرۆژە ئاودێرییەکان**

یەکێك لەئامانجەکان : پێکهاتەی دیمۆگرافی کوردستانی تورکیا دەگۆڕێت و ؛ یەکێك لە ئامارەکان دەلچێت : 50 ر 3 ملیۆن هەلی کار دەرەخسێنێت بۆ خەڵکی کە لە دەرەوەی کوردستان بێن لەوێ کار بکەن ، زیاتر لەوە دەڵێن : دانیشتوانی ئەو ناوچەیە

له 9 ملیۆن که سەوە دەبێ ببنە 17 ملیۆن کەس . کەسەکانیش تورك یان بیانی غەیرە کورد دەبن . کەواتە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیش بۆ ئەوەیە کە خەڵکی ناوچەکی داوای مافەکانی خۆی نەکات چونکە بە خۆشی دەژین .

**پڕۆژە ئاودێرییەکانی سوریا**

ئەو پڕۆژە ئاودێریانەی کە سوریا هەیەتی چ لە رێگەی فورات ، چ لە رێگەی خابوور ، چ لە ریچگەی دیجلە کە ئێستا دەیهەوێن ئاوبێنێ بۆ ناوچەی جزیرە هەمووی مەبەستی ئەوەیە کە خەڵکی عەرەب لەوێ نیشتەجێ بکات .

لە ئێرانیش بەهەمان شێوە ( 29 ) رووبارمان هەیە کە لە ئێرانەوە دێتە ناو خاکی عێراق بەشی زۆریان لە کوردستانن ئێران لێرەدا بە پرەنسیپی هارمۆنی سوودی لە ئاوەکە وەرگرتووە . ئەمە بۆ تە هۆی ئەوەی کە ئاو لەناوچە سنووریانە کەم بێت وجاری وا هەیە هەر نەمێنێت .

**کورد و گەورەترین پیلانی نێو دەوڵەتی**

گەورەترین پیلانی نێو دەوڵەتی کە دژی بزاڤی رزگاری خوازی کورد کرد پیلانی شومی جەزائیرە کە لەسەر شەت ئەلعەرەب کراو ئاوی ناوبراویش هی دیجلە و فوراتە و ئەم ئاوەش هی کوردستانە کەوا بوو پیلانەکە بە هۆی ئاوی کوردستان کراوە .

**سیاسەتی ئاوییەکان**

ئەمڕۆ سیاسەتی ئاوییەکانی تورکیا بریتییە لەوەی کەوا جگە لەوەی ئاو وەکو چەکێکی سیاسی بەکاربێنێت ئاو وەکو چەکێکی ئابووریش بەکار بێنێت .

چەکە ئابووریەکە بە دوو جۆرە :

1- ئاو بەکار بێنێت بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە سەبەتەی خۆراکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وببێتە هێزێکی ئابووری گەورەی کە بۆ ئامانجەکانی تورکیا جێ بەجێ دەکرێت . بێگومان دژن لەگەڵ ئامانجەکانی کورددا . واتە ئامانجی تورکیا بریتییە لەوەی کەوا ئاو بگۆڕێتەوە بە نەوت . کەوا بوو ئەمجارە تورکیا ئاوی کوردستان بەتەوتی کوردستان دەگۆڕێتەوە و ، ئەمەیە کاریگەری ململانێیەکان .

**جیهان و پێویستی نەوت**

لە ساڵی 2020 دا رۆژانە جیهان پێویستی بە 115 ملیۆن بەرمیل نەوت دەبێ لەو ساڵەدا توانای جیهان هەمووی بۆ نەوت تەنها 95 ملیۆن بەرمیل دەبێت . کەوا بوو رۆژانە 20 ملیۆن بەرمیل نەوت لە جیهان کەم دەکات لەبەر ئەوە دەبێ چاوەڕێی ئەوە نەکەین کە ململانێی لەسەر نەوت دەوەستێت .

بەڵكو چاوەڕێی ئەوە بكەین كە ئەو دەوڵەتانەی كەم و كوڕی نەوتیان هەیە دێنەوە گۆڕپان بۆ ململانێیەكان . جارێكی دیكە لەسەرووی هەمووشیانەوە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەڵام لە پاڵیانیشا ململانێی ئاویش هەیە لە ناو دەوڵەتە هەرێمیەكاندا .

## پێگەی كورد لە ململانێیەكەدا

شوێنەكەی ئێمە لەناو ململانێیەكەدا وەكو كورد پێشتر شتێكی وامان بۆ نەكراوە بتوانین سوود لە سامانەكانی خۆمان وەربگرین ئەمەش بۆ خاوەن دەسەڵات نەبوونی خۆمان دەگەڕێتەوە بە سەر سەروەت و سامانەكانماندا و تا سامانە سروشتیەكانی خۆماندا ناتوانین بە راستی بەشێوەیەكی باش سوود لەو سامانەوەر بگرین بۆ بەرژەوەندی خۆمان تا خەڵك خاوەن دەسەڵات بێ بەسەر سامانەكانی ئێمەدا چاوەڕێ لە خەڵك ناكرێ بڕیارێك بدا كە لە بەرژەوەندی ئێمەدابێت لەبەر ئەوە لە راستیدا زۆرە زۆرە .